# شیوەنگێڕەکان

## بۆ مەرگی سێوان

دەشنێ نەریمان

دیاردەیەکی باوی قەبیلە سەرەتاییەکانی مرۆڤ شیوەنگێڕانە بۆ قوربانیەکان، سەرکەوتووەکان لە کوشتارەکانیاندا سەری چەند دانە لە قوربانیەکان لە دوای سەرکەوتنیان لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە تا مەراسیمی شیوەنگێڕانیان بۆ سازبدەن...

# شیوەنگێڕەکان

بۆ مەرگی سێوان

دیاردەیەکی باوی قەبیلە سەرەتاییەکانی مرۆڤ شیوەنگێڕانە بۆ قوربانیەکان، سەرکەوتووەکان لە کوشتارەکانیاندا سەری چەند دانە لە قوربانیەکان لە دوای سەرکەوتنیان لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە تا مەراسیمی شیوەنگێڕانیان بۆ سازبدەن، ئەمەشیان بۆ خۆپاککردنەوە و داوای لێبوردن لە قوربانیەکان دەکرد لە ترسی ئەوەی ڕۆحی قوربانیەکان تۆڵەیان لێبکەنەوە.  ئەم زاهیرانە لە مرۆڤە سەرەتاییەکاندا بە زەقی و ڕوون دەردەکەوتن و لە مرۆڤی مۆدێرندا ناروون و لێڵ، ئەمەش بەهۆی ئاڵۆزبوونی دەزگای دەروونی مرۆڤ و گۆڕان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئابووری و سیاسیەکاندا ، بەڵام هێشتاش دەتوانین ببینین چۆن کۆمەڵگا شیوەن بۆ قوربانیەکانی خۆی دەکات، چەند ڕۆژێکە شیوەن دەکرێت بۆ ژنێک و منداڵەکانی کە بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە دەسوتێنرێن، بەڵام ئەم شیوەنە شیوەنی خۆپاککردنەوە و هەستکردنی هەمووانە بە تاوانێک کە هەموومان بە شێوەیەک لە شێوەکان لێی بەرپرسیارین، ئەم حاڵەتە و حاڵەتەکانی دیکەی خۆکوژی ژنان و ژن کوشتن و منداڵ کوشتن هێند دووبارە دەبنەوە تاڕادەی ئەوەی هەموان بە جۆرێک لەگەڵی ڕاهاتوین؛ تەنها چەند ڕۆژێک زیاتر لە یادەوەریدا نامێننەوە و شیوەنێکی کاتیمان لە ئەکاونتەکانی سۆشیاڵ میدیاوە جێگەی کارکردنی جدیی و بەردەوام بۆ چارەسەری هۆکارەکەکانی پشت ڕوودانیان دەگرنەوە، تەنانەت ناتوانین ناوی ڕووداویان لێبنێین چونکە فاکتەرەکانی ئەم حاڵەتانە لە کۆمەڵگادا هەن و شتێکی چاوەڕوان نەکراو نین لەگەڵ ئەوەشدا لەدوای مەرگی هیچیان دۆخەکە ناگۆڕێت و هەر وەک پێشتر بەردەوام دەبێت. بۆیە دەکرێت

هێشتا پێشبینی ئەم حاڵەتانە و خراپتریش بکەین، چەند ڕۆژێکە من جگە لە شێوەنێکی خۆپاککردنەوە بۆ مەرگی قوربانیەکی ترمان هیچی تر نابینم، لە ڕووە دەرونییەکەشەوە ئەم حاڵەتانە توشی شۆک و ترەومامان ناکەن ،چونکە لە حاڵەتی ترەومادا مرۆڤ ئەوەندەی بێدەنگ دەبێت و دەوەستێت ڕاستەوخۆ نایەتە قسە بە پێچەوانەوە هەموومان دێنێتە قسە و هەریەک لای خۆیەوە دەستدەکات بە خۆخاڵیکردنەوە و شیوەن.
هەموان لەم تاوانەدا تاوانبارن و تەنیا جیاوازییەکیش بیکەین جیاکردنەوەی تاوانبارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانن لەم حاڵەتانەدا (لێرەدا جیاوازییەکە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاترە گەرنا خودی تاوانبارە ڕاستەوخۆکان بەرهەمی هۆکارە ناڕاستەوخۆکانن کە بە بەردەوامی مەوجودن لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی گۆمەڵگای کوردی و بەڕادەیەک جیهانیش )
تاوانبارە ڕاستەوخۆکە بکوژ و هەموو ئەوانەن لە کردەی کوشتنەکەدا بەشدارن یان هۆکارن لە کوشتنەکدا، و تاوانبار یان هۆکارە ناڕاستەوخۆکان، خێزان و بونیادی کۆمەڵایەتیی و ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگا و هەموو ئەوانەن کە لەئاست ئەم پرسەدا بێلایەنیی و پاسیڤیزمان هەڵبژاردووە و خۆیان بە تاوانبار و بەرپرسیار نازانن، لەم ئاستەدا هێشتان قەبیلە سەرەتاییەکان لەپێشترن چونکە هیچ نەبێت دانیان بە تاوانباریی خۆیاندا دەنا و پاشان شیوەنی خۆپاککردنەوەیان دەگێڕا، بەڵام مرۆڤ و دەزگا مۆدێرنەکانی شیوەن بۆ قوربانیەک دەگێڕن و خۆیان لە تاوانێک پاکدەکەنەوە کە خۆیان بە بەرپرسیار و تاوانبار نابینن تێیدا، ئەمەش لە ڕووی دەروونییەوە نیشانەی نەخۆشییە و شیوەنەکەش ناتوانێت پاکمانبکاتەوە.

بە سزاگەیاندنی تاوانبارە ڕاستەوخۆکان ئەرکێکی دەستبەجێیە بەڵام قەزیەکە لێرەشدا کۆتایی پێ نایەت، بێگومان دەستی کورتی دادگا هەر تا ئەم تاوانبارانە بڕدەکات ئەویش ئەگەر بتوانێت بە ئەرکی خۆی هەستێت. بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە ئەگەر هەموو تاوانبارە ناڕاستەوخۆکانیش بە سزای پێویست نەگەن ناتوانین خاڵی کۆتایی بۆ ئەم قەزیەیە دابنێین و گەرەنتی دووبارەنەبوونە و هەزاربارەنەبوونەوەیان بکەین.

بونیادی خێزان لەکۆمەڵگادا و بەتایبەتیش خێزانی قوربانیەکە لەم پرسەدا تاوانبارن، لەم چیرۆکەدا ئەوەندەی زانیاریمان هەبێت 8 مانگ دەبێت کە قوربانی و بکوژەکەی لە کێشەدان (کە دەکرێت زۆر لەمە کۆنتریش بێت) و پێشتریش قوربانیەکە هەستی بە مەترسی لەسەر ژیانی خۆی کردووە کەچی هێشتان تەنها داڵدە بۆی ماڵی بکوژەکەی بووە و هەر لەو ماڵەشدا لەگەڵ منداڵەکانی دەسوتێنرێت و لێرەدا ماڵ لە بری لانکەیەکی ئارام و پارێزراو و دەبێتە سەرچاوەی مەترسی و مەیدانی کوشتن و سوتاندن، بەمەش ماڵ لە پێناسە سەرەتاییەکەی خۆی دادەماڵرێت و خودی خۆی دەبێتە شوێنی مەترسیی، و ئەمەش لەو قەناعەتە باوەی کۆمەڵگاو و خێزانەوە بۆ نەشێواندنی ماڵ سەر هەڵدەدات و هەمووان و قوربانیەکانیش گوێمان ئاخنراوە بەم وتە باوە: ماڵی خۆت مەشێوێنە.

خێزانیش کە دەبێت داڵدەیەکی ئارامبێت بۆ ئەندامەکانی لە کاتی مەترسیدا دەبێتە هۆکاری مەترسیی و نەک داڵدەی قوربانیەکە نادات، بەڵکو ناچاریدەکات بە مانەوەی لەناو مەترسییەکەدا، کە ئەمەش بەتەواوی لە دژیەکیدایە لەگەڵ هۆکارە سەرەتاییەکانی دروستکردنی خێزان، لێرەوە تێدەگەین کە فۆرمی خێزان و ماڵ گۆڕانێکی مەترسیداریان بەسەردا هاتووە و پێویستیان بە هەڵوەشاندنەوە و دوبارە ڕێکخستنەوە هەیە، بەڵام بەو پێیەی خێزانیش یەکەیەکی دابڕاو و سەربەخۆ نیە و کاریگەرە بە یاخود نواندنەوەی سیستەمە ئابووری و سیاسیەکانە بۆیە ئەم پرسە درێژتردەکەینەوە تا گەشتن بە ڕیشەکان.

لە ڕەهەندە ئابووری و سیاسیەکەوە ئەو خێزانەی دەکەوێتە ئەم جۆرە لە دژیەکی لەگەڵ بونیادە سەرەتاییەکانی خۆیدا لە سەرهەڵدانی خاوەندارێتییەوە دەستپێدەکات، ناگەڕێینەوە بۆ قۆناغە یەک لەدوای یەکە مێژووییەکان تەنها لەسەر ئەم خاڵە مێژووییەی کە کۆمەڵگای کوردی تێدایە و پاشانیش جیهان دەدوێن بۆ ڕوشنکردنەوەی فاکتەرە ئابوری و سیاسیەکانی ئەم دۆخە، دەتوانین بەم سیستەمەی کۆمەڵگای کوردی بڵێن نیمچە فیوداڵ یان نیمچە سەرمایەداری چونکە کۆمەڵگای کوردی نەیتوانیوە بە تەواویی لە سیستەمی فیوداڵی بێتە دەرەوە(بەتایبەت لەم کەیسە دیاریکراوەدا) و لە هەمان کاتیشدا سیستەمی سەرمایە ڕۆڵی خۆی تێدا دەگێڕێت، ئەم دۆخە دۆخێکی گواستراوەیە و تێیدا پاشماوەکانی سیستەمە کۆنەکە لەگەڵ دەرکەوتە و پایەکانی سیستەمە نوێیەکە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی دژیەکیان دروستکردووە، هیچیەک لەم دوو سیستەمە ئابوری و سیاسییە لە خزمەت دۆخی ژندا نین و هەردوک بە شێوازی خۆیان مرۆڤ و بەتایبەت ژن دەهاڕن، پاشماوە فیوداڵییەکە ڕێگری دەکات لە هەبوونی ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ ژن تا بتوانێت چیدی ناچار نەبێت بە مانەوە لە ناو کۆتوبەندەکانی خێزان و کۆمەڵگا، لە بەرامبەردا دەکرێت دان بەوەدا بنێین بە شێوەیەکی ڕێژەیی دۆخی ژن لەناو سەرمایەداریدا باشترە لە پێشتر، هەرچەند هەرگیز ناتوانین چاو لەو هەموو سوکایەتی و بەکاڵاکردن و کورتکرنەوەیەی مرۆڤ بۆ بونەوەرێکی چێژپەرست بپۆشین و ئەو هۆکارانەی وایکردوە دۆخی ژن باشتربێت دەستکەوتی بزووتنەوە شۆڕشگێری و بزوتنەوەکانی ژنانن نەک سیستەمەکە، بەڵام ئابووریی سەربەخۆ وەکو دەرهاویشتەی لیبڕاڵیزم دەکرێت بقۆزرێتەوە بە مەبەسی یەک هەنگاو بەرەو پێشترچونی دۆخی هەنوکەیی ژن و ببێتە پاڵنەرێک بۆ کەم کردنەوەی هەیمەنەی خێزان و پیاو لەسەر ژن، ئەمەش بە مانای ڕزگاری ژنان نیە و ڕزگاری تەواوەتی ژن پەیوەستە بە ڕزگاربوونی ژن و مرۆڤیش لەم سیستەمە ئابوورییە سەرمایەدارییە جیهانییەش کە باڵادەستە، بۆ ئەم ڕزگارییەش پێویستمان بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕییە لە ژنان و پیاوان کە وەک بەرە و هێزی سێیەم دەربکەوێن و کۆی میتۆدی بەرهەمهێنان لە ڕیشەوە بگۆرێت بە میتۆدێک لە خزمەت بە مرۆڤدا نەک قازانج و کەڵەکەی سەرمایە.